# هونەری سەر بەرد ( نەخش و تابلۆ هەڵكۆڵراوەكان ) لە هەرێمی كوردستانی عێراق و مەترسی لە ناوچوونیان

**ڕوخسار رمضان احمد**

خوێندنگەی ئامادەیی هەڵگورد، بەڕێوەبەریەتی پەروەردەی ڕانیە، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی كوردستان،عێراق.

ئیمەیڵ: rukhsar.ramazan@gmail.com

**ئاراس اسماعیل خظر** بەشی شوێنەوار، كۆلیژی ئاداب،زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: Aras.khider@su.edu.krd

## پوختە:

هونەری سەر بەرد پێكهاتووە لە وێنەی سەر بەرد، كە دروستكراون بە شێوە و ڕێگایی جیاوازی وەكو (وێنەی هەڵكۆڵراو، پەیكەر، نەخش و هەڵكۆڵراوەكانی سەر دیواری قەڵا و پەرستگا كۆنەكان، وێنەی بە ڕەنگ دروستكراو) لە پەناگە بەردینیەكان و لاپاڵی شاخ و ئەشكەوتەكانیشدا بەدیدەكرێن. ئەم هونەرە كۆنە ڕەنگدانەوەی گیانی ئایینی و كلتوری كۆمەلایەتی و بیناكاری كۆمەڵگەی كۆن نیشاندەدات. ئامانج لەم توێژینەوەیە پیشاندانی گرنگی ئەم هونەرەیە لە شوێنەوارەكانی كوردستاندا وەك گەنجینەیەكی نەتەوەیی و هەرێمی، بە هەمان شێوەی شوێنەوارەكانی جیهان، چونكە ئەم هونەرە ڕێگەیەكە بۆ جیاكردنەوەی كۆمەڵگە و فێربوونی داب و نەریت و ڕەسەنایەتی و پەیوەندی مرۆڤ بەو زەوییەی لەسەری نیشتەجێ بووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

لەگەڵ دیاری کردنی کاریگەریە سروشتی و مرۆیەکانی لەسەر تێکدان و لەناوچونی شوێنەوارەکان بۆ نمونە، پەرەسەندن و دروستکردنی بیناکاری و نۆژەنکردنەوەی زۆرێک لە ناوچەکان کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر تێکدانی بەشێک لە شوێنەوارەکان، لەوانە؛ تێکدان و نوسین لەسەر شوێنەوارەکان. چونکە زۆرێک لەو ناوچانە نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونن یان کراون بە شوێنی گەشتیاری. هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هۆشیاری تاکەکان و بێ ئاگاییان لە گرنگی شوێنەوار لەناوچەکانیاندا. هەروەها کەمتەرخەمی لە زیان گەیاندن بە شوێنەوارەکان و قەبارەی زیانەکان. لەگەڵ هەبوونی کاریگەرییە مرۆییەکان، کاریگەریە سروشتیەکانیش هۆکارێکن بۆ تێکدانی ناوچە شوێنەواریەکان .

**توێژینەوەکە لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە:**

**تەوەرەی یەکەم:** ناساندنی هونەری سەربەرد و کورتەیەکی مێژوویی و جۆرەکانی ئەم هونەرە و ئامانج و مەبەستی مرۆڤ لە دروستکردنی ئەو هێما و وێنانەی لەسەر بەرد دروستیکردون و هەڵیکۆڵیون.

**تەوەرەی دووەم**: ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانیەکان لە پاراستنی شوێنەوارەکان، و دیاریکردنی هۆکارە مرۆیی و سروشتیەکان، کە مەترسیان خستۆتە سەر ئەم شوێنەوارە گرنگانە و بەرەو لەناوچوونیان بردوون.

**تەوەری سێیەم:** دەرەنجام و ڕاسپاردەکان، دیاریکردنی چەند بنەمایەکی یاسایی بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکان لەسەر ئەم هونەرە، دیاریکردنی کاریگەرترین ڕێگاکانی زیادکردنی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگە لەبارەی شوێنەوارو چۆنێتی پاراستنی شوێنەوارەکان.

**کلیلە وشەکان:** هونەری سەر بەرد، نەخش و تابلۆ هەڵکۆڵراوەکان، شوێنەوارەکانی کوردستان، کاریگەرییە سروشتییەکان، کاریگەرییە مرۆیەکان.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ١-١ ناساندنی هونەری سەربەرد و کورتەیەکی مێژوویی و جۆرەکانی ئەم هونەرە و ئامانج و مەبەستی مرۆڤ لە دروستکردنی ئەو هێما و وێنانەی لەسەر بەرد دروستیکردون و هەڵیکۆڵیون.

شوێنەوارەکانی هونەری سەر بەرد بە بەشێک لە مەزنترین کارە هونەرییەکانی جیهان دادەنرێن لە ڕوانگەی جوانیناسییەوە(ئیستاتیکی) و بەڵگەی بەهێزن، بەهەمان شێوە لە ڕوانگەی گیانی ئاینییەوە پەیکەری خواوەند و پەرستراوەکان لەو ناوچە و هەرێمەی تێیدا دروستکراون بەرجەستە دەکەن. جۆرەکانی هونەری سەر بەرد پێکهاتوون لە هەڵکۆڵین ، بۆیەکردن، پەیکەری بچووکی بەردین، وێنەو پەیکەری هەڵکۆڵراو لەو ئەشکەوت و پەناگانەی، کە مرۆڤ بەکاری هێناون و تێیدا نیشتەجێبوون. ئەم هونەرە ڕەنگدانەوەی گیانی ئایینی مرۆڤ و کلتوور و دابونەریتی مرۆڤ نیشاندەدات، کە بایەخی مەزنی هەبووە بۆ بەدیهێنەرەکەی و نەوەکانی داهاتووی، تەنانەت گرنگیان بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی هەبووە جوانی هونەرەکە و لێکدانەوەی هێماکان و چیرۆک و سەرگوزشتەکانی بە شێوەیەکی فراوان دەنرخێندرێن و بە گەنجینەی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێن. بوونی ئەم هونەرە گرنگە بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەکانی جیهان و فێربوونی لە بارەی دابونەریتە جیاوازەکانی مرۆڤ و ڕەسەنایەتیان و پەیوەندیان بەو سەرزەمینەی، کە تیایاندا نیشتەجێ بوون. لە جیهاندا هونەری سەر بەرد وەک ئەرشیفێکی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە سەیر دەکرێت، کە مێژووەکەیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە. هەروەها گرنگترین تۆمارکراوی بەرچاوە، کە مرۆڤی کۆن تۆماری کردووە. ڕای جیاواز هەیە لە بارەی ئەم هونەرە و گرنگی و کاریگەریەکەی، کە هەزاران ساڵ پێشتر دروستی کردوە، وایی لێکردوە لەگەڵ بەسەرچوونی کات و لە ناوچوونیشی کاریگەری هەربمێنێت وەک پاشماوەیەکی هونەری باوباپیرانمان (Agnew et al ,2015: 1-6) . هەرێمی کوردستانیش خاوەن مێژوو شارستانیەتیکی کۆنە بە تایبەت لە ناوچەی شاخاویەکان و لە سەر بەردی لاپاڵ و ئەشکەوت و پەناگەکان، کە مرۆڤ لە کۆندا بەکاری هێناون وێنە و نەخشی جۆراوجۆر هەڵکۆڵراون، کە تەواو بوونی کاری پاشا یاخود داگیرکردنی و دەستگرتن بەسەر ناوچەیەکدا نیشاندەدەن. گرنگی زۆرێک لەم هەڵکۆڵراوانە لەوەدایە، کە تێیدا وێنەی پاشا و بەردەستەکانی لەگەڵ هێمایی خواوەندەکان بە ڕوونی دەرکەوتوون. هەریەکێک لەم شوێنەوارانەش چیرۆک و ئەفسانەی جۆراوجۆریان لەسەرباسدەکرێت.

بە هەمانشێوەی پاشماوە شوێنەوارییە جیهانیەکان شوێنەوارەکانی هونەری هەڵکۆڵینی سەربەرد لە هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی مەترسی لەناوچوون بوونەتەوە لە ڕێگەی هۆکارە جیاوازەکانی مرۆیی و سروشتیەکانیش، بۆ نموونە :

١- هۆکارە مرۆیەکان.

٢- پێشکەوتن و کاریگەریەکانی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

٣- نوسین و تێكدانی هەڵكۆڵراو و شوێنەوارەكان.

٤- تالآنكردن، نەبوونی بەرنامەی تۆكمە و بەهێزی بەڕێوەبردنی گەشتیاری، كە ئامانجی پاراستنی شوێنەوارەكان بێت.

٥- هەروەها كاریگەرییە سروشتییەكان. لە سەرتاسەری جیهاندا لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەكی زۆر لە شوێنەوارەكان لە ناوچوون و نەماون. (Darvill & Fernandes, 2016: 1-3) .

## ١-٢: ڕۆڵی ڕێكخراوە جیهانیەكان لە پاراستنی شوێنەوارەكان، و دیاریكردنی هۆكارە مرۆیی و سروشتیەكان، كە مەترسیان خستۆتە سەر شوێنەوارەكان و بەرەو لەناوچوونیان بردوون.

سەبارەت بە بەیاننامە نیودەولەتیەكان پارێزگاری كردنی شوێنەوار و شارستانیەت و كەلەپوور لە لایەن ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان لە پاراستنی شوێنەوار بە چەندین میكانیزمی نێودەوڵەتی تێپەڕیووە، بۆیە لێرەوە سەربووردەی كاری ڕێكخراوەكان دەخەینە ڕوو.

أ- **پەیماننامەی رۆیرخ:** ئەو واژوونامەیە باس لە كۆمەلێك پرسی تایبەت لە پارێزگاری كردن لە شوێنەواراكان دەكات، كە لە رەشنووسی یەكەم ئەنجوومەنی ئەمریكی پیكهێنراو لە ساڵی 1935 بۆ بەرێوەبردنی نەتەوەیەكگرتووەكان بەناوی رەشنووسی (رۆیرەخ[1] )*ئەم ڕەشنووسە باسی لە چۆنیەتی پاراستنی ماڵ و موڵكی، تاك و كۆمەڵگا و دەوڵەت دەكرد لە ژێر ناونیشانی (هەموو ماددەیەكی شوێنەوار و كەلەپوور و هونەر بەهایەیكی رۆشنبیری هەیە بۆ پاراستن) .

ب- **پەیماننامەی قاهیرە ساڵی (١٩٣٧) :** ناوەرۆكی پەیماننامەی قاهیرە بریتیە لە پارێزگاری كردنی شوێنەوارەكان و كلتور،تەنانەت بە هیچ شێوەیەک نابێت بازرگانی و كڕین و فرۆشتن بە شوێنەوار بكرێت، وەهەروەها یاساو ڕێسایەكی زانستیانەی بۆ كرداری و میكانزمی ئەنجامدانی كنە و پشكینین داناوە (العبدالله،2015: 103).

[1] پەیماننامەی رۆیرەخ : ئەو پەیماننامەیە كەل بەناوی رۆشنبیری روسی " نیقولای قسطنطینوڤیش روریخ" ئەو پەیماننامە یە لە كۆنگرەی نێودەولەتی حەوتەمی ئەمریكا ئەنجامدرا لە واشنطۆن لە بەرواری ١٥ ابریل ١٩٣٥ بۆ زیاتر گرنگی دان بەدامەزراوەی هونەر و زانستی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری بۆ پاراستنی شوێنەوار .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

ت- **پەیماننامەی جنێف:** پەیماننامەیەکی تر بەسترا لە وڵاتی سویسرا لە ساڵی ١٩٤٩ ز، کە ناسرا بوو بە پەیماننامەی جنێف، یەکێک لەو بابەتانەی لە بڕگەکانی ڕەشنووسەکەدا هەیە، بریتیە لە پاراستنی ماڵ و موڵکی ڕۆشنبیری و ڕەسانایەتی و مرۆڤایەتی . لە مادەی (٥٣)بە دواداچوون بۆ هەموو جۆرە موڵکدارییەکی تایبەت و گشتی دەکات، کە بە شوێنەوار ناسرا بێت لە شوێنەواری گوازراوەو نەگوازراو (الاثار الثابته والمنقوله) (الخفاجي. د. ت:١٣). دواتر لە ساڵی ١٩٧٧ وەک بەراییەکی تر بۆ ئەو پەیماننامەیە بەرز کرایەوە بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی جیهان سەبارەت بە چۆنیەتی پرسی پارێزاریکردن لە ناوچە شوێنەواری و کەلەپووریەکان بە تەواوی کەل و پەلەکانیانەوە. بۆیە لە ماددەی ١٦ لە پرۆتۆکۆڵی ئەجەندای پرۆژە بڕیاری دووەمی جنیف باسی لێوە کراوە.

ث- **پەیماننامەی لاهایی (هۆگیوو) لە ساڵی(١٩٥٤):** تاکە پەیماننامەیە، کە گرنگی داوە بە تەواوی بڕگە و بابەتەکانی تایبەت بە شوێنەوار و کەلەپوور پاشماوە ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتان لە کاتی ئارامی نیشتمان و هەلومەرجی جەنگ بەسەر وڵاتدا (الماده١/٢٣ من اتفاقيه لاهاى لعام ١٩٥٤، وماده ١/٣٣ من البروتوكول الاضافى الثانى لعام:١٩٩٩) ، وەهەروەها باس لە چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە شوێنەوارەکان دەکات. بۆیە لە ساڵی ١٩٥٤ بەندێکی نێودەوڵەتی داڕێژرا بۆ پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەوارییەکان لە نێوان (١٠٣) وڵات واژووی لەسەرکراوە (العبدالله،٢٠١٥: ١٠٣-١٠٤)، ناسراوە بە پەیماننامەی (هۆگۆ)، کە بەدواداچوون بۆ شوێنەوارو کەلەپوور دەکات لە خاکی وڵاتێکی داگیر کراو بن یان چەند شوێنەوارێکی تێکدراوبن،( ينضر نص الماده (١) من معاهده لاهاى ( (Hague)لسنه ١٩٥٤ والخاصه بحمايه الممتلكات الثقافيه فى حاله النزاع المسلح).

ج - **پەیماننامەی یۆنسکۆ لە پاریس لەساڵی ( ١٩٧٠):**

لە وڵاتی فەرەنسا لە ١٤-١١ - ١٩٧٠ بەسترا,دەربارەی چەند پرسێکی گرنگ سەبارەت بە دۆزی پاراستنی شوێنەوارو کەلەپوور و شارستانیەت بوو، کە باس لە هونەر و زانست بکات، تەنانەت بە هەر ئامرازێکیش دەست خەڵکی ئاسایی و تاکی دەوڵەت بکەوێت"(بدرالدين، ١٩٩٩: ٦٥-٧٢) دەبێت بە موڵکی دەوڵەت بۆیە هیچ قسە و باسێک هەڵناگرێت بۆ ئەوەی هیچ تاکێک خۆی بە خاوەنی بزانێت .( الماده ٢ من اتفاقيه اليونسكو بشأن التدابير الواجب اتخاذها لحظر ومنع استرداد وتصدير ونقل ملكيه الممتلكات الثقافيه بطرق غير مشروعه المنعقده بتأريخ ١٤-١١-١٩٧٠ و دخلت حيز التنفيذ فى ٢٤-٤- ١٩٧٢). ( بۆیە لە کۆنگرەی پاریس چەند بڕیارێکی نێودەولەتی پەسند کران بۆ بەرچاوڕوونی بۆ چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە شوناس و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوورو سروشت لە بەرواری ١٦ / تشرین دووەمی/ ١٩٧٢ یونسکۆ کە لە کۆنگرەی حەڤدەهەمینی خۆی لە پاریس ئەو پرۆژە بڕیارەی دەرکرد لە بەرواری ١٠/١٧/ ١٩٧٥ بووە کارنامەی نێودەوڵەتی – ولە بەرواری ٢٠١٥/٣/١٤ بۆ جاری سێیەم ئەم شرۆڤە کارنامەیە زیاتر لە ١٧٦ دەوڵەت واژووی ئەندامیەتیان لەسەر کرد بۆ چۆنیەتی پاراستنی شوێنەوارو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

کەلەپوور وسروشت کە لە ٨٣ مادە پێکهاتبوو) (اتفاقیە لحمایە التراث العالمی الثقافی والطبیعی: ١٦ تشرینی الثانی / نوفمبر ١٩٧٢، ص ٥-٦ من مادە ٥-٦).

ح - **پەیماننامەی یونیدراوا ١٩٩٥:** ئەو پەیماننامەی ئاڕاستە کراوە لە زۆربەی دیباجە و کارنامەی پرۆژە بڕیارەکانی کۆنگرەی ئەو پەیماننامەی، کە لە ساڵانی پێشتر ئاماژەیان پێکردووە بە بڕگەیەک لە ماددەی پرۆژە بڕیارەکان، بۆیە لە پەیماننامەی یونیدراوا باس لە خاوەندارییەتی تاک و کۆمەڵ و دەوڵەت دەکات، بۆیە زۆربەی داخوازی وخواستی داواکارییەکان بۆ پاراستنی شوێنەوار لە پەیماننامەی یونیسکۆ و یونیدراوا وەک یەکن. (المدور،٢٠٠٩: ١٢٦) بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە شاری ڕۆما ئەو پەیماننامەیە بووە بە پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاری کردن لە شوێنەوار.

خ - **ڕێکخراوی نێودەوڵەتی عەرەبی بۆ پەروەردە و زانستی ڕۆشنبیری (ئالاسکۆ):** سەرەتای دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ زنجیرەیەک بۆچوون و هزری ڕۆشنبیرانی ولاتانی عەرەبی بۆ زیاتر باشتر کردنی ئاستی پەروەردە و فێرکردن. بەلام لە داوی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە دانانی پەیڕەو پرۆگرامی کارکردنی ڕێکخراوەی چەندین بیرۆکەی ولاتانی تر دروست بوو بۆ پارێزگاری کردنی شوێنەوار و کەلەپوور کە وەک بەشێک لە ئەجێندای کارنامەی ڕێکخراوەکە، بۆیە یەکەم کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە لە ولاتی میسر بەسترا لە ساڵی ١٩٧٠ز، بەلام ئێستا بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لە ولاتی تونس کاردەکات لە چوار چێوەی کاری زانستی کۆمکاری نێودەوڵەتی عەرەبی (جامعە الدول العربیە) (العبدالله،٢٠١٥: ١٠٦)

د - **ڕێکخراوی پەروەردە و زانستی ڕۆشنبیری ئیسلامی (ئیسیسکۆ):** ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٧٩ لە ولاتی مەغرب دروست بوو بە مەبەستی بەدواداچوونی هزری ئیسلامی بەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان، چونکە ڕێکخەرانی ڕێکخراوەکە پێیان وابوو ئاینی ئیسلام بۆ ئەم جۆرە پارێزگاری کردنە لە شوێنەوار و کەلەپوور سروشت ئامانجێکی گشتگیری قبوڵ کراو دەبێت بۆ خەڵکی ناوچەکە، ئەویش بە پشت بەستن بە ڕۆڵی ئایینی ئیسلام و هەلومەرجی بەکارهێنراو بۆ لایەنی مرۆڤایەتی و ڕەوشتی و ڕۆشنبیری ، بۆیە لە دوا بەرنامەی خۆیان هەڵسان بە صندوقی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی خەرجی تایبەت بۆ ناوچە وێرانکراوەکان و ئەو نەتەوەو میللەتانەی، کە جەنگ بەرۆکیانی گرتووە، تا لەو ڕێگەوە بتوانرێت ئەو صندوقە سودی دەروونی و مەعنەوی ببەخشێت بە مرۆڤایەتی بەتایبەت ئەو واقیعە لەسەر ولاتی فەلەسطین جێبەجێ دەبێت.(دیباجە المنظمە الاسلامیە والعلوم والثقافە: ١٩٨٦، ج ر ٨١). بۆیە ڕەهەندی پرۆگرام و پەیرەوی ناوەخۆی پاراستنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئیسیسکۆ لەسەر ولاتانی دەوروبەر و ڕۆژهەلاتی ناوەراست و عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەبێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ٢-١: دیاریکردنی هۆکارە مرۆیی و سروشتیەکان، کە مەترسیان خستۆتە سەر شوێنەوارە کان و بەرەو لەناوچوونیان بردوون.

زۆرێک لە وێنە و هەڵکۆڵراوانە ڕەنگدانەوەی گیانی ئایینی مرۆڤ و دابونەریت و یاساکانی ژیان و پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتری و پەیوەندییان بەو سەرزەمین و ئەو ژینگەیەی، کە تێیدا ژیاون نیشاندەدات. لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە تەمەنیان هەزاران ساڵ بێت. وێنە و هەڵکۆڵراوەکانی سەر بەرد لە ئێستادا بە بەشێکی گرنگ لە ناسنامەی دانیشتوانی ڕەسەن هەژمار دەکرێن. بۆیە بەردەوامی مانەوە و پارێزگاری کردن لەم هونەرە زۆر گرنگە بۆ جیاکردنەوەی کلتور و دابونەریتە جیاواز و کۆنەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهاندا بۆ بەردەوامی و مانەوەیان. ئەم هونەرە زانیاری زۆر و گرنگی مرۆڤی سەردەمە کۆنەکانمان پێدەدات، کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا بوونی نیە. زانیاری دەبەخشێت لە بارەی دابونەریتی مرۆڤ و ئەو سروشت و ژینگەی، کە تێیدا ژیاون لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییەکانی مرۆڤ و شوێنی ژیانی (Agnew et al, 2015: 1). بە شێوەیەکی گشتی لە جیهاندا ئەم هونەرە ڕووبەڕووی مەترسیەکانی لە ناوچوون دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازی وەک مەترسی و کاریگەرییە سروشتی و مرۆییەکان. هەرچەندە کۆنترۆڵکردنی کاریگەری هۆکارە سروشتیەکان کارێکی گرانە بەتایبەت لە شوێنە کراوەکاندا، بەڵام ئەم کاریگەریانەی، کە مرۆڤ دروستی دەکەن لە سەر شوێنەوارەکان دەتوانرێت بە ئاسانی دیاری بکرێن و بناسرێن، بۆ نموونە کاریگەریەکانی گەشەکردنی ئابووری، پرۆژەو دروستکردنی ڕێگاوبان، ئاژەڵداری، تاڵانکردن، هەڵکۆڵین و نوسین و تێکدانی شوێنەوارەکان. بۆ ڕاگرتن و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی مرۆڤ لە سەر تێکدان و لەناوبردنی ئەم شوێنەوارانە پێویستی بە داڕشتنی یاسا هەیە بۆ ڕێگریکردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکان ( Maclead, 2000: 38-41 & Deacon, 2006: 384).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ٢-٢ : کاریگەری هۆکارە سروشتیەکان:

### أ- کاریگەری ئاو و هەوا لەسەر بەرد:

یەکێکە لە کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و بەردەوامەکان دەبێتە هۆی تێکدان و ڕووخانی چینی سەرەوەی بەرد و تاوەرەکان و ڕۆچوون و درزبردن و بێهێزکردنی پێکهاتەی ناوەوەی بەرد. کاریگەری ئەم هۆکارە هەرچەندە ماوەیەکی زۆری پێویستە بەڵام کاریگەریان لەسەر ئەو بەرد و تاوەرانەی، کە هەڵکۆڵینیان لەسەرە زیاتر دەبینرێت و دەبێتە هۆی تێکدان و شێواندنی وێنەو هەڵکۆڵراوەکە (Agnew et al, 2015: 6) کاریگەری ئەم هۆکارە لە شوێنەوارەکانی کوردستاندا بە گشتی بەدیدەکرێت بۆ نموونە "ئەشکەوتی قزقاپان" یەکێکە لە شوێنەوارەکانی کوردستان و ٦٥کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری "سلێمانی"یە و بە بەرزی ٨م لە لاپاڵی شاخدا دروستکراوە، کە دەکەوێتە نزیک گوندی "زەرزی " و نزیک ئەشکەوتی "زەرزی"*[2]. هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی "قزقاپان" گۆڕێکی هەڵکۆڵراوە، کە لە ناوەوەدا سێ چاڵی ناشتنی تێدا هەڵکۆڵراوە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "میدیەکان" ٦٠٠-٣٠٠ پ.ز. داتاشراوە سەرەکیەکە پێکهاتووە لە وێنەی دوو جەنگاوەر، کە بەرامبەر بە یەکتر وەستاون لە ناوەڕاستیاندا سەکۆی ئاگردان هەیە و هەریەکێک لەو سەربازانە بە دەستی چەپیان کەوانیکیان پێیە وەک چەک لە جەنگدا بەکاریان هێناوە، دەستی ڕاستیشیان بەرامبەر بە یەکتر بەرزکردۆتەوە، کە ئاماژەیە بۆ سڵاو کردن. جگە لە نەخشە سەرەکیەکە هێمای سێ خواوەند لە بەشی سەرەوەی داتاشراوەکە هەڵکۆڵراون، کە بە هێمای خواوەندی عەشتار و خواوەندی مانگ و ئاهورامزدا دانراون ( صالح، ١٩٨٧: ٨٨). بە وردبوونەوە لە تەواوی هەڵکۆڵراوی قزقاپان جگەلە هۆکارە مرۆیەکان، کە بە شێوەیەکی بەرچاو نەخش و داتاشراوەکەیان شێواندووە، کاریگەری هۆکارە سروشتیەکانیش بە ڕوونی دەتوانرێت تێبینی بکرێت. بۆنموونە لە وێنەی هێمای خواوەندەکانی شوێنەواری قزقاپاندا بە ووردبوونەوە لێی دەردەکەوێت،کە بە تێپەر بوونی کات و ڕووبەڕوبوونەوەی ئەم شوێنەوارە لەگەڵ هۆکارە سروشتیەکان کاریگەری دیاریان کردۆتە سەر شوێنەوارەکە و بوونەتە هۆی دروست بوونی درز و کون و گۆڕانی ڕەنگی بەردە هەڵکۆڵراوەکە ( وێنەی ژمارە ١ .A, B C).

*ئەشکەوتی "زەرزی"، یەکێکە لە ئەشکەوتەکانی سەردەمی بەردینی کۆن



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020





( وێنەی ١ A هێمایی خواوەندی عەشتار ) (وێنەی ١ B هێمایی خواوەندی مانگ ) ( وێنەی ١ C هێمایی خواوەندی ئاهورامزدا )

(figure 1 from, Amin, O. S. M, 2018. https://www.ancient.eu/ The Rock-Cut Tombs of Qizqapan, Iraqi Kurdistan: Median or Achaemenid)

## ب- کاریگەری ئاوی باران (باراناو) و تەڕبوون :

تەڕبوون و وشک بوونەوەی بەرد بە هۆی ئاوەوە یاخود بە هۆی ئاوی بارانەوە بە شێوەیەکی بەردەوام و دووبارە بوونەوەی ئەم کردارە بۆ ماوەیەکی زۆر دەبێتە هۆ تێکدان و لەناوبردنی بەرد و کاردەکاتە سەر پێکهاتەیی خوێی بەرد، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆیی داخورانی بەرد. کاری هەڵکۆڵین لەسەر ڕووی بەرد بە مەبەستی دروستکردنی کارێکی هونەری، ئەمە بۆتە هۆی دروست بوونی درزی ستونی، کە ڕێگای زیاتر بە ئاو دەدات بچێتە ناوەوەی بەرد و ببێتە هۆی کارلێکی پێکهاتەی کانزای بەرد و لەگەڵ گۆڕانی وەرز و پلەکانی گەرما بە تایبەت لە ناوچە ساردەکاندا دەبێتە هۆیی بەستنی ئاوەکە و دروستکردنی پاڵە پەستۆ لەسەر ڕووی سەرەوەی بەرد بە درێژایی کات و دووبارە بوونەوەی ئەم کردارەش کار لە نەخش و وێنەی سەر بەرد و شوێنەوارەکان دەکات (Rosenfeld, 1985:5-7 & Winkler, 1973: 177) . نموونەی باشی کاریگەری ئەم هۆکارە سروشتییە لە شوێنەوارەکانی (هەڵکۆڵراوی خنس) دا بەدی دەکرێت. ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە بەناوبانگترین تابلۆی یادگاری سەردەمی ئاشوری نوێ. هەڵکۆڵراوەکە لە شوێنی دروستکردنی پرۆژیەکی ئاوڕاکێشان لە قەدپاڵی شاخ هەڵکۆڵراوە لە سەردەمی پاشایی ئاشوری سەنحاریب (٧٠٤- ٦٨١ پ.ز) دروستکراوە. مەبەست لە بنیادنانی پرۆژەکە گواستنەوەی ئاو بووە بۆ شاری نەینەوای پایتەختی ئاشورییەکان و دەوروبەری، شوێنەواری" خنس ٧٠کم" لە باکوری شاری "موسل" ی ئێستایە. داتاشراوەکە وەک تۆمارێکی وێنەییە، تێیدا دەستکەوت و کارەکانی پاشای ئاشوری تۆمارکراون، کە پێکهاتوون لە وێنەی پاشا "سەنحارب" و هێمایی چەند خواوەندێک، کە دەیان پەرستێت و هێما و وێنەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

خواوەندەکان لە سەر شێوەی مرۆڤ هەڵکۆڵراون و نووسینی "مێخی" و پەیکەری گای باڵدار لەم شوێنەوارەدا بونیان هەیە. بچوکی وێنەی پاشا "سەنحاریب" بە بەراورد بە وێنەی خواوەندەکان، کە پێنج خواوەند لە ڕیزێک نیشان دەدات بە وێنەی گەورە لە سەر شێوەی مرۆڤ "خواوەندەکانی ئاشور، نینلیل، سین، ئینلیل، شەمەش" لەگەڵ وێنەی دوو خواوەندی تر، کە لە سەر شێوەی ئاژەڵ هەڵکۆڵراون و تەواوی هەڵکۆڵراوەکە کرداری پەرستنی پاشا نیشان دەدات بۆ خواوەندەکان (Malko et al, 2014:109-104& سوسە،١٩٨٦: ١٠٤-١٠٨ ) ئەم شوێنەوارە مێژوویەکی کۆنی هەیە بە تێپەڕبوونی کات ڕووبەڕوی هۆکاری سروشتی و مرۆیی بووەتەوە و هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی تێک چوونی وێنەو نەخشەکانی سەر هەڵکۆڵراوەکە. ( وێنەی ٢).



( وێنەی ژمارە ٢ بەشێک لە پەیکەرە هەڵکۆلراوەکانی خنس)( Figure 2 from, http://www.kurdistan-photos.com/cache/khenis/)

هەروەها لە شوێنەواری ( دەربەندی گاوڕ) لە دەشتی شارەزور لە چیای "قەرەداغ" داتاشراوەکە وێنەی "نەرامسن" ی پاشای "ئەکەدیە" لە دەوروبەری "٢٤٠٠ پ.ز". ئەم داتاشراوەیە تابلۆی یادگاری سەرکەوتنی "نەرامسینی پاشای ئەکەدی" بەسەر پاشای "لولوبیەکان" (باقر & سفر، ١٩٦٥: ٢٥-٢٦) . داتاشراوەکە وێنەی "نەرامسن" نیشان دەدات لە شێوەی جوڵەی سەرکەوتندایە بەدەستی ڕاستی تەورێک و بەدەستی چەپی کەوانێکی هەڵگرتووە و کڵاوێکی لە سەرە و دوو کەس لە ژێر پێیدان. بە ووردبوونەوە لەم شوێنەوارە کاریگەری هۆکارە سروشتیەکان، تەڕبوون و باراناو بە ڕوونی تێبینی دەکرێت ( وێنەی ژمارە ٣).


 

(وێنەی ژمارە ٣ هەڵکۆڵراوی دەربەندی گاوڕ) (Figure 3 from, Amin, O. S. M, 201.
http://etc.ancient.eu/travel/naram-sin-relief-iraq/ )

### ج- گەشەکردنی ڕووەک لە سەر ڕووی بەرد :

دار و دەوەن و ڕووەکە بچووکەکان و قەوزە و ڕووەکە مشەخۆرەکان، کە لە سەر ڕووی بەرد و بەردی هەڵکۆڵراوە شوێنەوارییەکان دەڕوێن بە شێوەیەکی سروشتی هەرچەندە ڕووەکی وەرزیش بن بەڵام کاریگەری خراپیان دەبێت و دەبنە هۆی ڕوتانەوەی ڕووی بەرد و تێکدانی نەخش و وێنەکان، کە لە سەر ڕووی بەردەکان هەڵکۆڵراون. کاریگەرییە خراپەکانی بە هۆی ڕۆچوونی ڕەگی ڕووەکەکان دەبێتە هۆی تێکدانی ڕووی سەرەوەی بەردەکان ئەمەش واتای تێکچوونی نەخش و هەڵکۆڵراوەکانە، هەرچەندە ئەم ڕووەکانە ئەم کاریگەری باشیشیان هەیە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی پێکهاتەی خوێی بەرد (Walsh, 1984: 112-14). نموونەی کاریگەری ئەم هۆکارە سروشتییە (وێنەی ژمارە ٤ ) هێمایی ( ئاهورامزدای)ە لە شوێنەواری ئەشکەوتی قزقاپان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020



(وێنەی ژمارە ٤)

(figure from, 4 from Amin, O. S. M, 2018. https://www.ancient.eu/ The Rock-Cut Tombs of Qizqapan, Iraqi Kurdistan: Median or Achaemenid)

وە هەروەها نموونەیەكی تری كاریگەری ئەم هۆكارە لە شوێنەواری هەڵكۆڵراوی "خنس" دەبینرێت، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "ئاشورییەكان" (وێنەی ژمارە ٥).



( وێنەی ژمارە ٥ ) نموونەی داتاشراوەی خنس كە كاریگەری هۆكاری سروشتی نیشاندەدات) ( Figure 5 from, http://www.kurdistan-photos.com/cache/khenis/ )

كۆمەڵێك هۆكاری تر لە هەردوو جۆری كاریگەری سروشتی و مرۆیین، بەیەكەوە بە شێوەی جیاواز كاردەكەنە سەر شوێنەوارەكان، وەك؛ كاریگەری ئاژەڵ، جۆرەكانی مێروو، باڵندە وبوونەوەرە جیاوازەكان و ئاژەڵداری ...هتد ئەمەش لە ڕێگای دروستكردنی هێلانەو و بڵاوبوونەوەی پاشماوەی ئەم ئاژەڵ و بوونەوەرانە هەروەها مێرووله و زیندەوەرە وردەكانی تر لە ڕێگەی هەڵكۆڵینی بەردەوام هەرچەندە ڕاڕەو و لانەی بچوكیش دروست بكەن بەڵام بە ماوەیەكی درێژ كاریگەرییەكی زۆر دەكەنە سەر ڕووی ئەو بەردانەی هەڵكۆڵین و كاری هونەریان لەسەركراوە (Brady, 2010:1–13). كاریگەرییە ژینگەییەكان وەك؛ ئاگر كەوتنەوە و لافاو و بوومەلەرزە، كە مەترسی زیاتر دەخەنە سەر شوێنەوارەكان و دەبنە هۆی زووتر لە ناوچوونی شوێنەوارەكان و تێكچوونی نەخش و هەڵكۆڵراوەكان (Agnew et al, 2015: 20).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ٢-٣: كاریگەری هۆكارە مرۆییەكان

### أ- نوسین و تێكدانی شوێنەوارەكان:

نووسین و تێكدانی شوێنەوارەكان چەند شێوەیەكی جیاوازتریش لە خۆی دەگرێت لە سەرتا سەری جیهاندا، كە بە تێكدانی ڕاستەوخۆ دادەنرێن لە سەر شوێنەواری هەڵكۆڵراوی سەر بەرد، بۆ نموونە بزوتنەوەی "تاڵیبان" لە "ئەفغانستان" بە بیانوی بتپەرستی گەورەترین پەیكەری "بوزا"ی لە ساڵی (٢٠٠١) تەقاندەوە (Lenzerini, 2013:14) ، بەهەمان شێوە ڕێكخراوی "داعش" هەستا بە شكاندن و لەناوبردنی پەیكەرەكانی ناو مۆزەخانەی "موصل" و تەقاندنەوەی مزگەوتی "نەبی یونس" و منارەی "حەدبا" چەندین شوێنی تری ئاینی بەبیانوی شیرک و بت پەرستی :Bauer, 2015) (1، لە زۆر شوێنی جیهاندا خەڵك و دانیشتوانی ناوچەكە چەكیان بەكارهێناوە وەك نیشان گرتن لە شوێنەوارەكە ئەمەش دەبێتە هۆی تێكدان و سڕینەوەی شوێنەوارەكە، بەهەمان شێوە لە كوردستانیش بە ورد بوونەوە لە ڕووی بەردی داتاشراوەكاندا بەگشتی شوێنی فیشەك بەدی دەكرێت، ئەم كارە بۆ هۆكاری جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ نموونە بیروڕای ئایینی و هەندێك جاریش تەنها بۆ جێژ وەرگرتن و بەسەربردنی كات ئەم كارە كراوە.

شوێنەوارەكان بە چەند ڕێگەو شێواز و قەبارەی جیاواز و مادەی جیاواز لەسەریان نوسراوە بۆ نموونە بەكارهێنانی ، بۆ نموونە بەكارهێنانی ڕەنگ، بۆیە، خەڵوز، تەباشیر، قەڵەم و ڕوشاندن بە پێكهاتە و ئامێری ڕەق و بەكارهێنانی بۆیە و ڕەنگ دەبێتە هۆیی دروستكردنی كارلێك لەگەڵ پێكهاتەی بەرد و لابردن و پاككردنەوەشی جارێكی تر پێویستی بە بەكارهێنانی پێكهاتەی كیمیایی دەبێت، كە ئەمەش واتا هەر كارێكی نوسین و وێنە كێشان لەسەر شوێنەوارەكان دەبێتە هۆ دووجار كاریگەری خراپ لەسەر شوێنەوارەكە. نموونەی ئەم دیاردەیەش لە زۆربەی شوێنەوارەكانی كوردستاندا بەدی دەكرێت شوێنەوارەكانی ئەشكەوتی "قزقاپان" و "هەڵاماتا" بە نموونە ( وێنەی ژمارە ٦& ٧ )، .(Lambert, 1989: 10-40 & Fernandes, 2009: 729-32)




( وێنەی ژمارە ٦, ئەشكەوتی هەڵاماتا كە ئەنجامی كاریگەریە خراپەكانی هۆكارە مرۆیەكان پێوە دیارە)

(figure 6 from, Hanna.R & Barber. M, 2017. Page 54)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




( وێنەی ژمارە ٧ , ئەشکەوتی قزقاپان کە ئەنجامی کاریگەریە خراپەکانی هۆکارە مرۆیەکان پێوە دیارە)

(figure 7 from, Amin, O. S. M, 2018. https://www.ancient.eu/ The Rock-Cut Tombs of Qizqapan, Iraqi Kurdistan: Median or Achaemenid)

### ب- **تێکدانی شوێنەوارەکان بۆ مەبەستی تالآن و دزیکردن :**

به تالآن بردن و تێکدانی شوێنەوارەکان و دواتر بەکارهێنانیان بۆ بازرگانی کردن بە شێوەی نایاسایی، هۆکارێکی ترن بۆ لەناوبردنی چەندین پارچەی شوێنەواری زۆرگرنگ، لەمەشدا هەندێ لە مۆزەخانەکان و کۆکەرەوانی شوێنەوار لە ولآتە دەوڵەمەندەکان دەستی بالآیان لەم قاچاخ چیەتیەدا هەیە. چەند دەزگایەکی تایبەت بە ساغکردنەوەی شوێنەوار ئەو پارچانەی کەبەنایاسایی براوەتە دەرەوەی ولآت وەردەگرن لەو کەسانەی بازرگانی پێوە دەکەن، لە بری ناوهێنانی پارچەی دزراو پارچەی شوێن نادیار (uncertain province) بەکاردەهێنن,( Peter & Joanny, 2008: 5 ) دروست بوونی ئەم بازاڕانە هاوکاتە لەگەڵ دەست پێکردنی تالآنی شوێنەوارییەکان. دروست بوونی بازاڕی شوێنەوارەکانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٩١) شەڕی کەنداو پاش ڕاپەڕینی ناوچەکانی باشور و باکوری عێراق، دەرئەنجامی ئەم کارانە لە ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستاندا تێبینی دەکرێت،بۆ نموونە شوێنەواری هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی "هەلآماتا" لە "دهۆک"، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی "ئاشوری" سەردەمی فەرمانڕەوایی "سەنحاریب" ( ٧٠٤-٦٨١ پ.ز) دەگەڕێتەوە. ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە دووری ٧کم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری "دهۆک". داتاشراوەکە لە قەدپاڵی شاخی "زاوا" هەڵکۆڵراوە بە قەبارەی ٥،٧٥ X ٢،٢٠م . داتاشراوەکە پێکهاتووە لە وێنەی "سەنحاریب" پاشای "ئاشووری و شەش خواوەندی ئاشووری"، کە لەسەر پشتی ئاژەڵ وەستاون لەوانە خواوەندی "ئاشو، ننلیل، سین، نابو، شەمەش، ئادەد، عەشتار" لەگەڵ نووسراوی "مسماری"، کە لە ئێستادا بە هۆی وێرانکردن و تێکدانی شوێنەواری نووسینەکە نەماوە. داتاشراوەکە تابلۆی سەرکەوتن نیشان دەدات، کە تێدا "سەنحاریب" بەرامبەر بە خواوەندی "ئاشور" وەستاوە، کە هێمای نەتەوەیی و

ئاینی و پیرۆزی بووە لە لایی ئاشوریەکان و یەکەمین خواوەندە لە ڕیزی خواوەندەکان لەسەر پشتی ئاژەڵێک وەستاوە (کیوارکیس، أشور: ٢٠١٠). ئەم شوێنەوارە وەک هەموو شوێنەوارەکانی تری کوردستان جگە لە کاریگەری هۆکارە سروشتیەکان کەوتوونەتە بەر کاریگەری هۆکارە مرۆیەکانیش (وێنەی ژمارە ٨) وێنەی بە شێکە لە هەڵکۆڵراوەی ئەشکەوتی "هەڵاماتا"، کە لەساڵی(٢٠١٧)دا ڕووبەڕووی تاڵانکردن بووەتەوە و کەسانێک بەهۆی بەکارهێنانی ئامێری دریل هێمای خواوەندی ئاشوریان دەرهێناوە.

(وێنەی ژمارە ٨ شوێنەواری ئەشکەوتی هەڵاماتایە کە کاریگەری هۆکارە مرۆیەکان نیشاندەدات)

(figure 8 from, Nasr. A, 2018. http://www.rudaw.net/english . Thieves raid 2700-year-old site in Duhok)

## ٢-٣: کاریگەری پێشکەوتنی ئابووری و دروستکردنی پرۆژەی خزمەت گوزاری:

بە شێوەیەکی گشتی بە هۆیی کۆمپانیایی گەشتیاری و سەرپەرشتیارانی پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازی، ئەو هۆکارانە وایان کردووە شوێنەوارەکانی هونەری سەر بەرد بکەونە بەر مەترسی لە ناوچوون، ئەگەر شوێنی شوێنەوارەکە کەوتبێتە سەر ڕێگا یاخود پرۆژەی خزمەتگوزاری، زۆرێک لە شوێنەوارەکان لە ناو موڵکی کەسانی تردان ، سروشتی و ئاستی داهاتی ئابووری، کە لە ڕێگای گەشتیارییەوە پەیدای دەکات، بەرنامەی گەشتیاری و بازاڕسازی، جیاوازی ئەو داهاتەی، کە دانیشتوانی ناوچەکە لە بەکارهێنانی شوێنەواری هەڵکۆڵراو هونەرەکانی سەر بەرد دەستیان دەکەوێت جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ شوێنەوارەکان دیاری دەکات. لە سەرتاسەری جیهاندا لەم سەردەمەدا بەکارهێنانی شوێنەوارەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی کرداری زیادی کردووە (Deacon, 2006: 382). بە بەردەوامیش خواست لە سەر بەستنەوەی شوێنەوار بە کۆمەڵگە و پێشکەوتنی ئابووری و کلتووری زیاد دەکات، کە لە لایەن کۆمەڵگە وحکومەت و شوێنەوارناسان و تەنانەت هەندێک لە دامەزراوەکان لە ڕێگەی پڕۆژەی هاندەرەوە هەوڵی بەکارهێنانی شوێنەوارەکان دەدەن. مەبەست لەم کارەش گەیاندنی سودی ئابوورییە بە کۆمەڵگە، هەرچەندە پەیوەندی نێوان

شوێنەوار و پێشکەوتنی ئابووری پەیوەندیەکی پێچەوانەیە بۆ مەبەستی پاراستنی شوێنەواری دژی پێشکەوتن وگۆڕانکارییە لە زەویەکاندا جا بۆ هەر مەبەستێک بێت بۆ نموونە؛ بنیادنانی خانوو، گەڕان بەدوای دەرهێنانی کانزا لە ناخی زەویدا، دروستکردنی ڕێگا، هەر چالاکیەکی تر لە سەر زەوی، کە مەترسی بخاتە سەر تێکدان و لە ناوچوونی شوێنەوارەکان (Burtenshaw & Gould, 2014: 3). یەکێک لەو نموونانەی کاریگەری هۆکاری پێشکەوتنی ئابووری و دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێوە دیارە، داتاشراوەی دەربەندی ڕانیەیە، کە بە ( هەڵکۆڵراوی دەربەندی ڕەمکان) ناسراوە. ئەم داتاشراوەیە دەکەێتە نێوان چیایی ئاسۆس و کێوەڕەش لە بەشی ڕاستی ڕێگای قەڵادزە لە قەد پاڵی چیایەکە داتاشراوەیەک بەسەر ئاوی دەربەندا دەڕوانێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "ئەکەدی" لە دەوروبەری (٢٣٠٠ پ.ز) (باقر & سەفر ،١٩٦٥: ٣٣). ئەم داتاشراوەیە لە شێوەی لاکێشەیە و بەرزیەکەی ١،٣٠م پانیەکەی ٨٠سم لە قوڵی ٤٠سم، بە نموونەیەکی تر لە تابلۆی سەرکەوتنی "نەرامسین" پاشای "ئەکەدی' دادەنرێت، هاوشێوەی نەخشی دەربەندی "گاوڕ"ە بە هۆی دروستکردنی پرۆژەی ڕێگای سەرەکی ڕانیە قەڵادزێ، ئەم داتاشراوەیە کەوتۆتە ژێر خۆڵ و بەردی ڕێگاکە ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ئامێری گەورە و مادەی تەقەمەنی بۆ بڕین و هەڵکۆڵینی شاخی کەنار دەربەندەکە بە بێ گرتنە بەری هیچ ڕێگایەکی زانستی بۆ مەبەستی پاراستنی ئەم شوێنەوارە ( وێنەی ژمارە ٩ ) .




( وێنەی ژمارە ٩) A داتاشراوەی دەربەندی ڕەمکان، پێش دروستکردنی ڕێگای سەرەکی ڕانیە–قالادزێ، B وێنەی دەربەندی ڕەمکان دوای دروستکردنی ڕێگای سەرەکی ڕانیە–قالادزی وێنە/ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری ڕاپەڕین )


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

### ٢-٤: گەشتیاروکاریگەرییەکانی:

گەشتیاران بە شێوەی جیاواز کاردەکەنە سەر شوێنەوارەکان بەهۆی جوڵە و هاتوچۆکردن بەسەریاندا و بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبیل و کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەم شوێنانە و جێهێشتنی پاشماوەی گەشتیاران و ئاگر کردنەوە کە دەبێتە هۆی سوتانی بەشێک لە شوێنەوارەکان. کاریگەری ئەم هۆکارە بە تایبەت لەو شوێنەوارانە بەدی دەکرێت، کە نەخش و هەڵکۆڵراوە شوێنەواریەکە لەسەر بەردی سەر ڕووی زەوی دروستکرا بێت یاخود لە شێوەی پەیکەر و داتاشراوە، کە کەوتبێتە سەر زەوی و گەشتیاران بە ئاسانی دەستیان پێی بگات، ئەگەر هاتوو ڕێوشوێنی تایبەت و زانستی نەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی گەشتیاران  بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر شوێنەوارەکان دەکەوێت بە هۆی گەشتیارانەوە (Deacon, 2006: 379-383 , Agnew et al, 2015: 20) نموونەی کاریگەری (وێنەی ژمارە ١٠) پەیکەری گایی باڵدارە لە شوێنەواری خنس کە گەشتیاران بە ئاسانی دەتوانن پێی بگەن.

### ٢-٥: کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆچوونی کۆمەڵگە و پاراستنی شوێنەواری هونەری سەر بەرد :

نەبوونی کلتووری پاراستنی شوێنەوار و چالاکی کلتووری و شوێنەوارییەکان بۆتە هۆی لاوازی و نەهێشتنی لێکدانەوەی زانیاری کلتوری و شوێنەواری، خراپ بەکارهێنانی ڕۆشنبیری و خەسڵەتی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگە لە لایەن هاوڵاتیەوە. بەشداری پێ نەکردنی تاکی کۆمەڵگە لە چالاکی پاراستنی شوێنەواری ڕەهەندێکی جێگرەوە دەدات بە تاک و کۆمەڵگە. بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی کە پێشتر توشی داگیرکاری بوون و دواتر دەسەڵاتیان بۆ گەڕاوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان و بۆچوونی کۆمەڵگە لە سەر شوێنەوارەکان بەستراوەتەوە بەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لە هەرێم و ناوچەکە نیشتەجێن کێن؟ ئایا دانیشتوی ڕەسەنی ناوچەکەن یان کۆمەڵگەی تر لە گەڵیان تێکەڵ بوون و چ کاریگەرییەکیان لە سەر بۆچوونی دانیشتوی ڕەسەنی ناوچەکە دروستکردووە لە بارە شوێنەوار و گرنگی پاراستنی شوێنەوارەکان؟ .(Pwiti & Chirikue, 2008: 476)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




(وێنەی ژمارە ١٠ گایی باڵداری شوێنەواری خنس)(figure 10 from, http://www.kurdistan-photos.com/cache/khenis/

یەکێک لەو نموونانە "هەڵکۆڵراوی باتاس" , "هەڵکۆڵراوی هەریر" لە قەدپاڵی چیایی هەریر هەڵکۆڵراوە، کە بەسەر هەریردا دەڕوانێت لە بەرزی ٥٠م ، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی "هەریر" بۆ یەکەم جار لە ساڵ (١٨٩٩)دا دۆزراوەتەوە. داتاشراوەیەکی شێوە لاکێشەییە وێنەی پیاوێکە وەستاوە لە سەر یەک ڕوو هەڵکۆڵراوە، کلاوێکی لەسەرە و فەروێک بەسەر شانیەوەیە و دەستی چەپی بەرزکردۆتەوە و بە دەستی ڕاستی ڕمێکی درێژیی پێیە، واپێش بینی دەکرێت، کە هەڵکۆڵراوەی یەکێک لە پاشاکانی میدی نەخشی "پاشا حدیابی سێەم" بێت. هەڵکۆڵراوەکە تۆماری سەرکەوتنیەتی بەسەر ئاشوریەکاندا، مێژووەکەی بۆ ساڵی(٨٣ پ.ز) دەگەڕێتەوە. ئەم هەڵکۆڵراوە وەک هەریەکێک لە شوێنەوارەکانی تر ڕووبەڕووی کاریگەری هۆکاری مرۆیی و سروشتیەکان بوونەتەوە (وێنەی ژمارە ١١) وێنەی نەخشی هەڵکۆڵراوی هەریرە کە کاریگەری هۆکاری مرۆیی تێبینی دەکرێت، کە بۆتە هۆی تێکدانی نەخشی هەڵکۆڵراوەکە (Amin, 2018 & Edmonds, 1931: 350–355).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020



(وێنەی ژمارە ١١ هەڵکۆڵراوی هەریر / باتاس)

(figure 11 from, Amin, O. S. M, 2018. https://www.ancient.eu/ The Rock Relief of Harir (Hareer), Iraqi Kurdistan)


## ٣-١: هەندێک لەو ڕێگایانەی، کە دەتوانرێت کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆیەکان لەسەر شوێنەواری هەڵکۆڵینەکانی سەر بەرد کەم بکاتەوە:

کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان بە چەند ڕێگایەک دەتوانرێت کەمبکرێتەوە، بۆ نموونە یەکێک لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کاریگەری ئاو و تەڕبوون لەسەر بەرد و داتاشراوەکان لادانی ڕێڕەوی ئاوە، کە ڕاستەوخۆ بەر داتاشراوەکە دەکەوێت. هەرچەند ئەم ڕێگایە بۆ ژمارەیەکی کەم لە شوێنەوارەکان دەتوانرێت بەکاربێت بەتایبەت شوێنە بچووکەکان. هەڵکەندن و دروستکردنی جۆگەلەی بەتاڵکردنی ئاو لە دەوری شوێنەوارەکە بەم شێوەیە دەتوانرێت بە سەرکەوتووی ڕێرەوی ئاوەکە بگۆردرێت بەرلەوەی بگات بە شوێنەوارەکە ( Deacon, 2006: 383–386)، یەکێکی تر لە ڕێگاکانی لادانی ئاو بەکارهێنانی سلیکۆنە ئەگەر شوێنەوارەکە کەوتبێە لاپاڵ و ڕووی هەڵکۆڵراوەکە قوڵ تر بێت لە بەردەکانی دەوروبەری لێرەدا دەتوانرێت سلیکۆن بەکاربێت بۆ لادانی ئاو بەرلەوەی بگات بە شوێنەوارەکە ( وێنەی ژمارە ١٢ ). هەرچەندە بەکارهێنانی سلیکۆن پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە ماوەی نزیکەی پێنچ ساڵ جارێک. بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوەیە، کە بە ڕووی بەرد و شوێنەوارەکانەوە دیارنییە. پڕکردنەوەی درزی سەرڕووی هەڵکۆڵراوە شوێنەواریەکە بە سلیکۆن بەتایبەت ئەگەر درزەکان زۆر گەورەنەبن ڕێگە لە چوونە ناوەوەی ئاو دەگرن



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

و کاریگەری و کارلێکی ئاو لەگەڵ خوێ و پێکهاتەکانی ناوەوەی بەرد کەم دەکەنەوە (Lambert, 1979: 45-48) لابردنی ئەو ڕووەکانەی لە سەر ڕووی شوێنەورەکان ڕواون یەکێکە لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کاریگەری ئەم هۆکارە سروشتیە. بەڵام پێویستە ئەم ڕووەکانە بە شێوەیەک لابرێن، کە زیانی ڕاستەوخۆ بە شوێنەوارەکە نەگەیەنن ئەو ئامێرانەی بەکاردێن نەبنە هۆی ڕووشانی ڕووی شوێنەوارەکە. ئەو دار و دەوەنانەی لە سەر ڕووی بەرد دەڕوێن هەرچەندە بچوکیش بن دەبنە هۆیی سڕینەوەی شوێنەوارەکە و دروستکردنی درز لە سەر ڕووی شوێنەوارەکان بە هۆی ڕۆچوونی ڕەگەکەیانەوە و مەترسی ئاگرکەوتنەوە زیاد دەکەن (Walsh, 1984: 112-114).




( وێنەی ژمارە١٢) جۆنیەتی بەکارهێنانی سلیکۆن بۆ کەمکردنەوەی کاری گەری ئاو و تەڕبوون لەسەر داتاشراوە و وێنەی سەر بەرد)

(figure 12 A from, Agnew et. al. 2007. Page 18. Fig 13 B from Lambert. D, 2008. Page 22)

بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرە وردەکان دوو ڕێگا بەکاردەهێنرێت؛ یەکەمیان ڕێگایی بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی بۆ لە ناوبردن و پاکردنەوەی پاشماوەی ئەم ئاژەڵ و باڵندە و بوونەوەرانە. هەرچەندە بەکارهێنانی ماددەی کیمایی بە شێوەیەکی گشتی پەسند کراو نیە چونکە پێکهاتەی ژەهراوی تێدایە، بەجۆرێک دواتر کار لە ژینگەی دەوروبەری دەکات و کاریگەری تەندروستی دەبێت لە سەر سەلامەتی تەندروستی مرۆڤیش. لە ناوبردنی مێروو زیندەوەرە وردەکان لە ڕێگایی لابردن و تێکدانی شوێن و لانەیان لە ڕێگایی بەکارهێنانی پارچە تەختە و فڵچە وە ئەو ڕەنگ و پاشماوەی بەسەر بەردی شوێنەوارەکەوە جێماوە دەبێت پاکبکرێتەوە چونکە دەبێتە هۆیی گۆڕینی ڕەنگی بەرد، ئەم ڕێگایە باشترین و پەسندترین ڕێگایە بۆ پاراستنی شوێنەواری هونەری سەربەرد بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی زیندەوەرەکان و باڵندە لە سەر شوێنەوارەکە (وێنەی ژمارە١٣) (Watson & Flood, 1987: 17-28).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020




(وێنەی ژمارە ١٣ کاریگەری مێروو باڵندە لەسەر شوێنەواری هونەری سەر بەرد و چۆنیەتی لابردن و کەمکردنەوەی کاریگەریەکان)

(figure 13 A from, Lambert. D, 2008. Page 36. Fig 13 B from, Bady, L. M. et. Al. 2010, 5)

## ٣-٢: ڕێگاکانی کەمکردنەوەی کاریگەری هۆکارە مرۆییەکان:

یەکێک لە کاریگەرترین هۆکارە مرۆییەکان لە سەر هونەری سەر بەرد و شوێنەوارەکان نوسین و تێکدانی شوێنەوارەکان بووە لە لایەن مرۆڤەوە. ئەم نوسین و بۆیەکردنەی لەسەر شوێنەوارەکان و داتاشراوەکان کراوە بە ڕێژەیەکی زۆر دەتوانرێت لاببرێت بەڵام ئەم کارە دەبێت بە شێوەیەکی باش سەرپەرشتی بکرێت لە هەموو قۆناغەکانیدا. ئامانجی سەرەکی لە سڕینەوە و لابردنی نوسین و بۆیەکردنەکان بۆ کەم کردنەوەی کاریگەرییە بینراوەکان و کەمکردنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان کار لە لایەن کەساتی ترەوە. هەرچەندە پێش دەستکردن بە لابردنی نوسین لە سەر هونەری سەر بەرد، کە خودی ئەم بەردە مێژوویەکی کۆنی هەیە دەبێت لە لایەن کەسانێکەوە ئەم کارە بکرێت شارەزاییان هەبێت، پێویستە نوسین و بۆیەی بەکارهاتوو لە سەر شوێنەوارەکان بە زووترین کات لاببرێت تاکو کەمترین کاریگەری لەسەر شوێنەوارەکە دروست بکات وێنەکانی ژمارە شەش کە وێنەی ئەشکەوتی هەلاماتا نمونەی کاری نوسینە لە سەر شوێنەواراکان و هەروەها نمونەی سڕینەوە و لابردنی نوسینەکەش ڕوونە و بەهەمان شێوە وێنەی ژمارە حەوت نوسینەکانی سەر شوێنەواری قزقاپان ڕووندەکاتەوە ( Plets et.al, 2012: 141-145).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**پێش لابردن و سڕینەوەی نوسین و بۆیەی سەر شوێنەوەرەکان پێویستی بە ئەنجامدانی چەند کارێک هەیە:**

أ- ڕاوێژکردن بە خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە، کە لە شوێنی شوێنەوارەکە نزیکن لە ڕێگەی ئەم کارەوە جۆرێک لە بەرکەوتنی کۆمەڵگە و ئەو شوێنەوارانە دروست دەبێت و زانیاری زیاتریان پێدەگات لە سەر گرنگی شوێنەوار و ناوچەکەیان ئەمە وایان لێدەکات، کە خۆیان بە بەرپرسیار بزانن لە پاراستنی شوێنەوارەکاندا. پێویستە ئەم کارە بکرێت بە داواکاری لە پێشینە بۆ ئەوەی هەستی بەرپرسیاریەتی بۆ پاراستنی شوێنەوار دووبارە نەکردنەوەی هەمان کار لە لایان دروست ببێت (Pwiti & Chirikure, 2008: 468).

ب- تۆمارکردنی وێنەی ئەو شوێنەی، کە نوسین و بۆیەکردنی لە سەر کراوە بە شێوەیەکی گشتی بۆ نوسین لە سەر شوێنەوارەکان چەند ماددەیەکی جیاواز بەکاردەهێنرێت بەتایبەت خەڵوز، کە ناتوانرێت بە تەواوەتی لاببرێت و ئەو بەشەی بەسەر هونەری سەر بەردەوە دەمێنێتەوە لەگەڵ وێنەو هونەرە ڕەسەنەکە تێکەڵ دەبێت. بۆیە تۆمارکردنی وێنەی شوێنەکە پێویستە دواتر دەتوانرێت بەراورد بکرێن و لە ڕاپۆرتی کارەکاندا بەکاربهێنرێت .

**سەر پەرشتی کردنی لابردن و سڕینەوەی نوسین و بۆیەکردنی سەر شوێنەواری هونەری سەر بەرد بە چەند ڕێگایەک دەبێت:**

ج-بەکارهێنانی فڵچە بە ووشکی یەکێکە لە ڕێگاکانی لابردنی ئەو مادە و پێکهاتانەی، کە لە نوسین لە سەر بەرد و هەڵکۆڵراوە شوێنەواریەکاندا بەکارهاتون. ئەم کارە پێویستە لە لایەن کەسێکی خاوەن ئەزموونەوە ئەنجام بدرێت. پێویستە فڵچەی قەبارە و جۆری جیاواز بەکاربهێنرێت بە پێی پێویستی ئەو شوێنەی کاری تێدادەکرێت. سەرەتا دەبێت فڵچەکان لەسەر بەردی شوێنەوارەکە دور لە شوێنی مەبەست تاقی بکرێنەوە بۆ دیاری کردنی جۆری ئەو فڵچەی بەکاردەهێنرێت تاکو نەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری خراپ لەسەر خودی شوێنەوارەکە. دەرئەنجامی کارەکاندا دەردەکەوێت، کە پەسندترین جۆری فڵچەی بەکارهاتوو فڵچەی نایلۆن و فڵچەی توکی ئاژەڵە بە مەرجێک کەمێک زبر بێت، کە ئەمە زیاتر بۆ ئەم جۆرەی هونەری سەر بەرد بەکاردێت، کە خودی شوێنەوارە ڕەسەنەکە بە ڕەنگ و بۆیە دروستکرا بێت هەروەها بۆ پاکردنەوەو لابردنی نوسین و بۆیەی سەر هەڵکۆڵراوەکانیش بەکاردێت (وێنەی ژمارە ١٤) وێنەی لابردنی نوسینێکە، کە بە خەڵوز کراوە تێبینی مانەوەی کاریگەری ڕەنگی خەڵوزەکە دەکرێت لە دوایی پاکردنەوەی خەڵوزەکە بە بەکارهێنانی فڵچە بە ووشکی بەبێ بەکارهێنانی هیچ مادەیەکی تر(Macleod, 2015: 40-14).

د- پاککردنەوە بە بەکارهێنانی ئامێری هەوایی و شوردن لەگەڵ ئامێری هەوایی بەیەکەوە: بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە تا ڕادەیەک سنوردارکراوە چونکە ئەو ئامێرەی کە بەکاردەهێنرێت دەبێت بچوک بێت و بگوازرێتەوە، ئەو هەوایەی بەر نووسین و بۆیەی بەکارهاتووی سەر شوێنەوارەکان دەکەوێت بەهێزێکی زۆر و لەگەڵ مادە و پێکهاتەکانی ناوی دەبێتە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

هۆی هەڵکۆڵینی ڕووی شوێنەوارەکە. هەروەها پێویستی بە بەکارهێنانی پێداویستییەکانی سەلامەتی تەندروستی هەیە لەلایەن ئەو کەسانەی کار بەم ئامێرەدەکەن . ( وێنەی ژمارە ١٥) (Macleod, 2015: 40)





(وێنەی ژمارە ١٥ ڕێگایی بەکارهێنانی فڵچە)    (وێنەی ژمارە ١٦ ئامێری هەوایی )


(figure 16 from, Lambert. D, 2008. Page 59)  (figure 15 A from, Lambert. D, 2008. Page 64)

بە هەر یەکێک لەم ڕێگایانە بێت پێویستە بۆیە و پێکهاتە کیمیایەکانی تر، کە بەکارهاتوون بۆ نووسین لەسەر شوێنەواری هونەری سەر بەرد بە زوترین کات پاک بکرێنەوە و لاببرێن لە سەر ڕووی بەردی شوێنەوارەکە چونکە بە مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ و کاریگەری تیشکی خۆر و پلەکانی گەرما لەسەری دەبێتە هۆی دروستکردنی کارلێکی زیاتر لەگەڵ پێکهاتەی بەرد و لەهەمان کاتدا لابردن و پاکردنەوەی ئاسان نابێت. ئەو ماددانەی، کە بەکاردێن بۆ لابردنی بۆیە گیراوەی Berger Strip، Poly Stripper، کە ئەم گیراوانە پێکهاتەی Gelling Agent , Xylene , Methylene Chloride ,ئەم پێکهاتانەی بۆ لابردنی بۆیە بەکاردێن دەتوانرێت بە فڵچە لە شوێنی مەبەست بدرێت بۆ ماوەی "دە" دەقیقە دواتر ئەم شوێنە دەسردرێتەوە بە گیراوەیەک، کە پێکهاتەی ئایۆنی نەبێت تاکو تەواوی بۆیەکە لێدەبێتەوە دەتوانرێت ئەم کردارە چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی باشترین ئەنجام دەست بکەوێت دواتر بە ئاوی پاک بشۆرێتەوە. کەسانی شارەزا پێویستە کار لەم بوارەدا بکەن بۆ دوو مەبەست پاراستی سەلامەتی تەندروستییان و پاراستی شوێنەوارەکە لە ئەنجامە خراپەکانی بەکارهێنانی ماددەی کیمیایی وە پێویستیان بە :

١. پۆشینی جل و بەرگی پارێزەر و دەست کێش و دەمامک زۆر پێویستن.
٢. پێویستە شوێنی کارکردنەکە بە باشی دەرفەتی هەوا گۆرکێی تێدابێت.
٣. پێکهاتەکانی Methylene Chloride و Paint Stripper دەبێت بە وورياييەكی زۆرەوە بەکاربهێنرێن چونکە دەبنە هۆی سوتانی چاو و پێست ( وێنەی ژمارە ١٧)( Clarke, 1978: 80–94 ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020



(وێنەی ژمارە ١٧ ئەشكەوتی هەڵاماتا و لابردنی نوسین و ئەو وێنانەی بە بۆیە لەسەری دروستكراوە)

(figure 17 from, Jamie. Oconnell, 2017. Incident Report Feature: The Malthai Reliefs)

یەكێک لە كاریگەرترین ڕێگاكانی كەم كردنەوەی دزی و تاڵان كردنی شوێنەوارەكان داڕشتنی یاسای پاراستنی شوێنەوار و دیاریكردنی سزای ئەو كەسانەی ئەم كارە ئەنجام دەدەن لە ناوخۆی وڵاتێكدا. وە لە جیهانیشدا یاسا و پێشنیارەكانی ڕێكخراوی نێودەڵەتی UNESCO بۆپاراستنی شوێنەوار و بابەتە كلتورییەكان، كە لە كۆنگرەی ساڵانەی لەگەڵ ووڵاتانی ئەندامدا دوپاتی برگەی تایبەت بە بازرگانی كردن بە پارچەی شوێنەواری و دزین و تاڵانكردنی شوێنەوارەكان و بە نایاسایی بردنە دەرەوەی پارچەی شوێنەواری لە ناوخۆی وڵاتێكدا و لە جیهاندا. لەگەڵ چەندین پرۆتۆكۆڵی تایبەت بە پاراستنی شوێنەواری و دووپاتكردنەوەی گرنگی شوێنەوار و پاراستنی وەک میراتێكی گشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بەڵگەیەكی گرنگی ناسنامەی نەتەوەیی، وڵاتان و ڕێكخراوە جیهانیەكان بۆ كەمكردنەوەی دزین و تاڵانكردنی شوێنەوارەكان ئەم هەنگاوانە دەگرنە بەر.

١. دەركردنی یاسای نێودەوڵەتی و ناچاركردنی وڵاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی كردن بە شوێنەوار و كەلەپوورەوە، زیادكردنی چالاكی گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی شوێنەواری .

٢. دانان و ناساندنی یاسایەكی گونجاو، كە تێیدا چۆنیەتی پاراستن و گەڕانەوەی پارچەی شوێنەواری و كلتوریەكان كرابنە ئامانج.

٣. بەهێزكردنی میكانزمی جێبەجێكردن بۆ بەهێزكردن و بەرەو پێشبردنی هاریكاری نێودەوڵەتی وەک یارمەتی یاسایی دوولایەنە به ئامانجی پاراستنی شوێنەوار .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

٤. هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری شوێنەواری لە ڕێگەی هەڵمەت و کارو چالاکیەکان لە بارەی شوێنەوارەکان بە بەشداری کردنی ڕاگەیاندنەکان و کەسانێک، کە زانیاری بڵاو بکەنەوە لە بارەی پاراستنی شوێنەوار لە دزی و تالآنکردن (UNODC/CCPCJ/EG.1, 2009: 1–15).

## ٣-٣:کەمکردنەوەی کاریگەری گەشتیاران لە سەر شوێنەوارەکان:

١- گەشتاران بەشێوەیەکی بەردەوام کاردەکەنە سەر شوێنەوارەکان و دەبنە هۆیی تێکدانی شوێنەوارەکان: چەندین ریگا هەن، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بە بەرنامەیەکی تۆکمە چاودێری و پاراستنی شوێنەوارەکان بکرێت، بۆ ئەوەی کەمترین کاریگەری گەشتیاران لە سەر شوێنەوارەکان دروست بێت .

٢- زۆربوونی گەشتیاران و نەبوونی بەرنامەیەک بۆ پاراستنی شوێنەوارەکە کاریگەری خراپ لەسەر شوێنەوارەکە دروست دەکات و خێراتر لە ناوی دەبات. بۆیە سنوردارکردنی سەردانی کەران یەکێکە لە ریگاکانی پاراستنی شوێنەوارەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە مرۆیەکان .

٣- دامەزراندنی چەند کەسێکی چالاک و بەتوانا وەک ڕابەری گەشتیاری لەو شوێنانەی، کە گەشتیاران بە ژمارەیەکی زۆر ڕووی تێدەکەن. ئەمە دوو دەرئەنجامی باشی دەبێت لەسەر شوێنەوارەکان، چونکە لە هەمانکاتدا ڕابەریەتی گەشتیاران دەکەن و زانیاریان لە بارەی وشوێنەوارەکە و ڕەفتاری دروست لە شوێنی شوێنەوارەکان دەدەن بە گەشتیاران. بەڵام نەبوونی ڕابەری گەشتیاری کاریگەری خراپ دەکاتە سەر شوێنەوارەکان بە هۆی پێنەدانی زانیاری لە بارەی شوێنەوارەکە و ئەنجامدانی ڕەفتاری نادروست لە لایەن گەشتیاران لە کاتی سەردانی ناوچە شوێنەوارییەکاندا .

٤- دروستکردنی ڕاڕەوی ڕۆیشتن لەو شوێنەی، کە شوێنەوارەکەی تێدایە، سودەکەشی ئەوەیە زۆرترین ژمارەی گەشتیاران دەتوانن شوێنەوارەکە ببینن و لە هەمانکاتدا کەمترین زیان بەر شوێنەوارەکە بکەوێت .

٥- نوسین و دانانی ڕێبەری گەشتیاری، کە تێیدا زانیاری تەواو تۆمارکرابێت لە باری شوێنەوارەکە و مێژووەکەی. دانانی تۆماری تێبینی بۆ گەشتیاران پێویستە ئەم تۆمارە لە ناو سندوقێکی تایبەت و جێگردا دابنرێت و بەرگێکی ڕەقی هەبێت بۆ پاراستنی و هەروەها ئاسان بەکارهێنانی لە کاتی تۆمارکردنی تێبینی لەلایەن گەشتیارانەوە. لە ڕێگەی ئەم تۆمارەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کێ سەردانی ئەم شوێنەوارەی کردووە؟ و بیرکردنەوەی گەشتیاران لە بارەی شوێنەوارەکە دەزانین، لەوانەیە پێشنیاری بەسوود جێ بهێڵن دواتر دەتوانرێت بخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ مەبەستی پاراستن و سەرپەرشتی کردنی گەشتیارن و کەمکردنەوەی کاریگەییە خراپەکانی گەشتیاران لە سەر شوێنەوارەکان (Gale & Jacobs, 1988: 103–105 & Mazel, 1983: 9)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ٤-٣:چەند بنەمایەکی سەرەکی هەن کاردەکەن لەسەر گۆڕانکاری لە بۆچوونی کۆمەڵگە لە سەر پاراستنی شوێنەوارەکان و هونەری سەر بەرد.

١- کارکردن بە شێوەیەکی چالاکانە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگە لەبارە شوێنەواری هونەری سەربەرد وەک پاشماوەیەکی شوێنەواری بەنرخ، ئەم شێوازی کارکردنە یەکێکە لە پێویستیەکانی بەرزکردنەوەی ڕۆشنبیری تاک لە بارەی گرنگی شوێنەوار و پێویستی پاراستنی .

٢- سەرپەرشتی کردنی پاراستنی شوێنەواری هونەری سەر بەرد لە هەموو ڕوانگەیەکەوە چونکە ئەم پاشماوە شوێنەواریانە نرخ و بەهای کۆمەڵایەتی و گیانی ئایینیان هەیە بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان و ئەو کۆمەڵ و گروپەی لە نزیک ئەم شوێنە دەژین بەتایبەت. لەڕووی زانستیەوە بایەخی مێژووی هەیە، کە دەتوانرێت وەک سەرچاوە و بابەتی توێژینەوە بەکاربهێنرێن چونکە زانیاری گرنگ دەدەن لە بارەی ڕابردوی مرۆڤ و چۆنیەتی ژیانی. لەناو هەندێک کۆمەڵگە و گروپی ئایینی ڕێوڕەسمی ئایینیان بە ستۆتەوە بەو شوێنەوارانەی مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەر هەڵدانی ئایینەکە هەروەک زەردەشتیەکانی کوردستان بە ئەشکەوتی قزقاپان دەڵێن ( دێری زەردەشتی) و ساڵانە ڕێورەسمێکی ئاینی لە سەرەتای بەهاردا لەو شوێنە ئەنجام دەدەن و هەمان هێمای خواوەند "ئاهورامزدا" کە لە داتاشراوەی "قزقاپان"دا هەیە وەک هێمای ئایینی خۆیان بەکاری دەهێنن. ( Othman,2017) (وێنەی ژمارە 18).



(وێنەی ژمارە ١٨ ڕێورەسمی ئاینی زەردەشتیەکان لە ئەشکەوتی قزقاپان)

(figure 18 from, Othman, S. 2017. Kurdish Zoroastrians Celebrate Annual Ceremony Inside Sacred Cave. http://www.rudaw.net/english/kurdistan/130820171)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## ٤-١: دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان:

دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی شوێنەوارەکانی هونەری سەر بەرد لە کوردستان لە ڕوانگەی جیاوازەوە؛ کۆمەڵایەتی، هزری ، ئایینی، ئابووری... ، لەگەڵ دیاری کردنی هۆکارە مرۆیی و سروشتیەکان و کاریگەری خراپیان لە سەر شوێنەواری هونەری سەر بەرد و داتاشراوەکان. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوە دەردەکەوێت، کە کاریگەرترین و خێراترین ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر هونەری سەر بەرد و لە ناوی دەبەن هۆکارە مرۆییەکانن. هەرچەندە شوێنەوارناسان و پارێزەرانی ئەم جۆرە هونەرە نابێت تەنها سەرنج بخەنە سەر کاریگەری هۆکارە مرۆییەکان و دیاریکردنی زیانەکان بەڵکو پێویستیان بە بەرنامەیەکی تۆکمە هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی و بەڕێوەبردنی چاودێری و پاراستنی شوێنەوارەکانی ئەم هونەرە و داڕشتن و نوسینی یاسا و سیستەمێکی بەڕێوەبردنی پاراستنی شوێنەوارەکانە بە شێوەیەکی کرداری.

چەند بنەمایی سەرەکی هەن کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر پاراستنی شوێنەوارەکانی هونەری سەر بەرد هەیە :

١- بەرز کردنەوەی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگە و کەسانی سیاسی لە بارەی شوێنەوار و هونەری سەر بەرد بەتایبەتی ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی شوێنەوارەکانی ئەم هونەرە دەبنەوەو دەبنە هۆی لەناوچوونیان .

٢- گرتنەبەری ڕێگای جیاواز بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تاک و هاندان و ڕاهێنانی نەوەی نوێ ئەویش بە ڕێگا و شێوازی جیاواز دەبێت، بۆ نموونە لە ڕێگای زانکۆکان و پەیمانگا و خوێندنگاکانەوە بە پێشخستن و گۆڕینی بەرنامەی پەروەردەیی و کردنەوەی خولی جیاواز بە ناونیشانی جیاواز وەک توانای چاودێریکردن و سەرپەرشتیاری گەشتیاری، خوێندن لە بارەی مۆزەخانە، ژینگە و گۆڕانکاریەکانی، بە بازاڕکردنی شوێنەوارەکان وەک سەرچاوەیەکی ئابووری بە تایبەت لە بواری گەشتیاریدا و ئەنجامدانی چالاکی کنەوپشکنینی شوێنەواری بە شێوەیەکی شیاو و بەکارهێنانی جۆرەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراو بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت بە شوێنەوار و گرنگیان و چۆنیەتی پاراستنی شوێنەوارەکان بەبەشداری شوێنەوارناسان لە بەرنامەکاندا و هاندانی خەڵک بۆ سەردانی کردنی ناوچە شوێنەوارییەکان .( Mazel, 1982: 9)

٣- بەکارهێنانی سیستەمێکی بەڕێوەبەری کاریگەر بۆ پاراستنی شوێنەوارکانی ئەم هونەرە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە سەرنج بدرێتە بایەخدان بە شوێنەواری هونەری سەربەرد و ناساندنی کێشە و مەترسیەکانی، لە هەموو قۆناغەکاندا پێویستە پاڵپشتی لە دەستوری دامەزراوەی کەلتوری و گەشت وگوزاری نێو دەوڵەتی بکەین کە ناسراوە بە .(ICOMOS, 2002)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

٤- كارئاسانی كردن و هاندانی كەرتی گەشتیاری بۆ بەرزكردنەوەی گرنگی گەشتیاری شوێنەواری و ئەمەش لە ڕێگاكانی نرخاندن و ڕێزگرتن لە پاشماوە شوێنەواریەكان و زیندو هێشتنەوەی كەلتورەكان بۆ وەچەكانی داهاتووی كۆمەڵگە.

٥- هاندانی ئەو كەسانەی، كە داڕێژەری بەرنامەی پێشخستن و پاراستنی شوێنەوارین لە ڕێگایی بەرنامە ڕێژەی جیاوازی وەك پێشكەش كردنی سیمینار لە بارەی لێكدانەوە هونەرییەكانی هونەری سەر بەرد, لە چوارچێوەی بەرنامەی پاراستنی شوێنەواری و هاندان بۆ گفتوگۆ كردن لە نێوان پارێزەرانی شوێنەوار و سەرپەرشتیارانی پیشەسازی گەشتیاری لە بارەی گرنگی شوێنەوارەكانی ئەم هونەرە (Deacon, 2006: 381).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# Rock Art (Rock Relief) in The Kurdistan Region of Iraq, Which Has Encountered The Threats of Disappearing

**Rukhsar Ramadhan Ahmed**

Halgurd High Schoool, Directorate Education of Rania, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** rukhsar.ramazan@gmail.com

**Aras Ismail Khider**

Archaeology Department, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** Aras.khider@su.edu.krd

## Abstract:

The Art rock is formed as pictures on strones which are made in different forms and in different ways including crafted pictures, status, maps, crafting on castle walls, and ancient temples, and coloured pictures, which can be founed on the stone shelters, mountan sides, and caves.

This ancient art reflects religious sprituality, cultural principles of community, and architecture framework of ancient communities. This study aims in showing the importance of this art in the archaeology of Kurdistan Region as national and regional treasure.



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020**

Here, this art form is crucial similar to the global archoleagy in the world, because this art form is a special way for seperatin community, teaching values and norms, origionality, as well as human relations to the earth they are living on.

Indicating the main natural and man-made factors such as; development, new construction, renovating some parts has negative influence on a portion of those archoloegical sites which has led to graffiti damages and intentional destrunction. Because, some of these archaeological sites are situated close to major touristes destinations which are another drawback for getting access to the sites without considering the human actions in those places. In this regard, being careless, and having limited awareness and information about the importance of archaeology and considering it as a national wealth has led to devastation of some significant sites. Aside from the human factors, natural disasters have left a negative influence on the archaeological sites in the Kurdistan Region.

This research is composed of the following parts: the first section introduces the history of rock art and the types of this art, the objectives, and human intentions in drawing and crafting those symbols, and pictures that human beings have produced in the ancient times. The second part of this research highlights the human and natural factors that have put pressure on those important archaeological sites which are facing threats.

The last part focuses on the findings, and recommendations; such as highlighting some of the legal principles, which aim to reduce the risks and pressure on rock art and their destruction. It will also include important procedures for spreading awareness of these sites to individuals and the wider community regarding archaeology and the need to protect the region’s tangible heritage.

**Key words:** Rock Art, Archeological Sites, Human-Natural Factors, Kurdistan Region.

## سەرچاوەکان:

Agnew et. Al. 2007. Rock Art a Cultural Treasure at Risk. The Getty conservation institute.

Amin, O. S. M. 2014. The Rock Relief of Harir ( Hareer), Iraqi Kurdistan.

https://www.researchgate.net/publication/309843381.

Amin, O. S. M. 2018. The Rock-Cut Tombs of Qizqapan, Iraqi Kurdistan: Median or Achaemenid. https://www.researchgate.net/project/Ancient-History-Encyclopedia https://www.researchgate.net/publication/322959187_The_Rock-Cut_Tombs_of_Qizqapan_Iraqi_Kurdistan_Median_or_Achaemenid

Bady, L. M et. Al. 2010. Rock Art Conservation and Termite Management in Torres Strail, NE Australia. Rock Art Research. Vol. 27, No. 1. Pp 1-17.

Bauer, Alexander A.2015 "The Destruction of Heritage in Syria and Iraq and Its Implications. " International Journal of Cultural Property 22.1.

Burtenshaw, P & Gould, O.G. 2014. Archaeology and Economic Development, Public Archaeology, Vo,13. No, 1-3, pp. 3-9. (Online) Journal homepage: https://www.tandfonline.com/loi/ypua20

Clarke, J. 1978. Conservation and Restoration of Paintings and Engraving Sites in Western Australia. In Pearson (ed),Conservation of Rock Art, Proceedings of the International Workshop on the Conservation of Rock Art, Perth, September 1977, institute for the Conservation of Cultural Material, Sydney.

Darvill, T & Fernandes, A. P. B. 2014. Open-Air Rock- Art Preservation and Conservation: Acurrent State of Affairs. At: https://www.researchgate.net/publication/298713392.

Deacon, j. 2006. Rock Art Conservation and Tourism. Journal of Archaeological Method and theory. Vol.13, No. 4, Advances in the study of Pleistocene Imagery and Symbol Use [Part I] (Dec., 2006), pp. 379-399 : https://www.jstor.org/stable/20177546.

Edmand, C. J. 1928. Two More Ancient Monuments in Southern Kurdistan. The Geographical Journal, Vol. 72, No. 2 (Aug., 1928), pp. 162-163. https://www.jstor.org/stable/1783042.

Fernandes, A. P. B. 2009. Vandalism, Graffiti or 'just' rock art? The case of a recent engraving in the Côa Valley rock art complex in Portugal. In Congresso Internacional da IFRAO 2009, Piauí, Brasil. IFRAO, p. 729-74.

Hall, N. 1999. Building Blocks and Stepping Stones: Some Key Foundations in the Development of Rock Art Conservation in Australia. Archaeology in Oceania, Vol. 34, No. 3, Making a Mark: Papers on Rock Art for Andrée Rosenfeld (Oct., 1999), pp. 161-170.

Hanna, R & Barber, M. 2017. ERASING ASSYRIANS: How the KRG Abuses Human Rights, Undermines Democracy, and Conquers Minority Homelands. www.assyrianconfederation.com info@assyrianconfederation.com .

Lambert, D. 1989. Conserving Australia Rock Art- A manual for site manage manager. The institute Report series. Aboriginal studies press, Canberra.

Lambert, D. 2007. Introduction to Rock art conservation, A Guide to the preservation of Aboriginal Rock Art culture and Heritage Division, published, Department of Environment and Climate change ( NSW).

Lambert, D.J.1979. Natural Silica Formation over Aboriginal charcoal drawing near Gosford NSW.ICCM. Bull.5(2) 45.8.

Lenzerini, Francesco Francioni Frederieo. (2013). "The Destruction of the Buddha's of Bamiyan and International Law." 2003Eur. J. Int'l L.(14) 635.

Maclead, I. 2000. Rock Art Conservation and Management: The Past, Present and Future Option. Studies in Conservation. At: https://www.researchgate.net/publication/272313630.

Malko, H. et al. 2014. Neo-Assyrian Rock Reliefs: Ideology and Landscapes of an Empire. Monuments. Department of Art History and Archaeology, Columbia University. All rights reserved.

Mazel, A.D. 1082. Principles for Conserving the Archaeological Resources of the Natal Drakensberg. The South African Archaeological Bulletin, Vol. 37, No. 135 (Jun., 1982), pp. 7-15: https://www.jstor.org/stable/3888576.

Othman, S. 2017. Kurdish Zoroastrians Celebrate Annual Ceremony Inside Sacred Cave. http://www.rudaw.net/english/kurdistan/130820171.

Plets, G. et al. 2012. The Deteriorating Preservation of the Alta Rock Art- Assessing Three. Dimensional Image. Based Modelling in Rock Art Research and Management. Vo.29, No.2. Pp 139-156.G.PLETS.

Pwiti, G & Chirikue،Sh. 2008. Community Involvement in Archaeology and Cultural Heritage Management: An Assessment from Case Studies in Southern Africa and Elsewhere. Current Anthropology, Vol. 49, No. 3 (June 2008), pp. 467-485.

Rosenfeld, A. 1985. Rock Art Conservation in Australia. Special Australian Heritage Publication. No. 2, Australian Government Publication Service, Canberra.

Unisco ; 1984, The protedion of moveble cultural property , Paris .

Unisco 2004:Atelier euro meghrebin et amenagment du territoire l 672rcheology preventive 26-30 november alger.

Unite Nations Educational2010; Scientific and cultueral organization , Erbil conservation hand book , Inventory of Heritage buildings and urban analysis, Desember.

UNODC/CCPCJ/EG.1.2009. Protection Against Trafficking in Cultural Property.

Walsh, H. et al. 1984. Managing the Archaeological Sites of the Sandstone Belt, Central Queensland Aboriginal Corporation for Cultural Activities and Queensland National Parks and Wildlife service, Brisbane.

Watson, J. A. & Flood, J. M. 1987. Termite and Wasp Damage to Australian Rock Art, Rock Art Research 4, 17-28.

Winkler, E.M. 1973. Tone: properties, Durability in Mans Environment, Springer Verlag, New York.

اتفاقيات جنيف الاربع لعام ١٩٤٩م و بروتوكولاتها الاضافيين.

اتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الجريمة المنظمة عبر الوطنية ، فينا ٢٠٠٠م.

اتفاقية القاهرة عام ١٩٣٧م.

اتفاقية المعهد الدولي لتوحيد القانون الخاص (يونيدروا) عام ١٩٩٥م.

اتفاقية اليونسكو لحماية التراث الثقافي غير المادي . باريس ٢٠٠٣م.

اتفاقية باريس(١٩٧٢م)، إتفاقية لحماية التراث العالمي الثقافي والطبيعي ، أقرها المؤتمر العام في دورته السابعة عشرة في ١٦ تشرين الثاني / نوفمبر – باريس .

اتفاقية لحماية التراث العالمي الثقافي والطبيعي: ١٦ تشريني الثاني / نوفمبر ١٩٧٢.

باقر, طه & فؤد, سفر. ١٩٦٦. المرشيد الى موطن الاثار و الحضاراة رحلة الرابعة بغداد – كركوك- سليمانية.

بدر الدين: صالح محمد،(١٩٩٩م)، حماية التراث الثقافي والطبيعي في المعاهدات الدولية، دار النهضة العربية القاهرة، مصر.

البروتوكول الاول لإتفاقية لاهاي عام ١٩٥٤م.

الجنابي, كاضم.( ١٩٦٢م). منحوتة دربندي رمكان. مجلة سومر. بغداد .

سوسه, أحمد.( ١٩٨٦). حضارة وادي الرافدين في ضوء مشاريع الري الزراعة و الكتشاف الاثارية و المصادر التاريخية. الجزء الثاني. دارالحرية للطباعة .

صالح, قعطان رشيد،(١٩٨٧ ). الكتشاف الاثري في العراق, بغداد .

العبدالله: سليمان عباس، ( ٢٠١٥م)، الحماية الجزائيه للاثار في التشريعات العربية ، أطروحة دكتوراه غير منشورة المقدمة لكلية الحقوق-قسم القانون الجزائي جامعة حلب ، سوريا .

كوركيس, اشور،(٢٠١٠) شمال العراق, أشوري... أشوري ....أشوري .

المدور: هبة عبدالعزيز،(٢٠٠٩م)، الحماية في التعذيب في إطار الإتفاقيات الدولية والاقليمية، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ط1.

ئاكرەيی: نجدت صبري،(٢٠٠٤م) ، الإطار القانوني للآمن القومي ، مطبعة جامعة سەلاحەدین، أربيل.